# چایـخانه

بەڕێوەبەری نووسین

## ئەوانەی خوو بەو ماڵەوە ئەگرن، ژیان بەجۆرێکی تر ئەبینن

چایخانە لە سادەترین ناساندنیدا ئەو ماڵەیە کە رۆژانە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵك رووی تێ دەکەن، تا ساتێکی خۆش لەگەڵ تەقەی یاریو زرەی پیاڵەکان بەسەر ببەن... ماڵی یەکتر بینینەوە و هۆگری یەکتربوونە. تەنانەت بۆ هەندێکیان ئەگەر لەڕووی کاتەوە حیسابی بۆ بکەین ، ئەوا سێ بەشی کاتەکانی بە بێداری لەوێ بەسەر دەبات، چونکە ئەو قسە خۆشو نوکتە و بەسەرهاتانەی لەوێ گوێی لێ دەبن لەوانەیە لە شوێنی تر چنگی نەکەون. ئەمەش دەبێتە سۆنگەیەك بۆئەوەی خووی بداتێ، خووێك کە لەوانەیە لەزۆر شت دایبماڵێو دوچاری گلەیی زۆری بکاتەوە لەلایەن دەوروبەری . بەحوکمی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری چایخانەکان نوای پیاوەکانن، ئەتوانین بە دیوەخانی ئەم سەردەمە ناوزەدی بکەین لە فۆڕمێکی تردا، کە ئەوساش پیاوان بەیەکەوە کۆدەبوونەوە و پرسو راوێژیان لەسەر ئەو بابەتانە دەکرد کە پەیوەست بوو بەژیانی رۆژانەیان، ئەمە سەرەڕای بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ قسەخۆشەکانوچڕینی بەیتو لاوكو حەیران، ئەمڕۆش بەهەمان شێوە گەرمترین هەواڵ لە کورەی چایخانەکان دەردەچنو کەم چایخانەش هەیە بەکرێو بەبێ ئیش کردنی ریکۆردەر بۆ دەربڕینی گۆرانی و مەقام ساتەکانی تێبپەڕن. کەواتە ئەگەر جاران تەواوی پیاوەکان روویان لە دەمی کوێخا یان ئاغا یان خاوەن دیوەخان دەبوو، ئەوا ئەمڕۆ گوێ قولاغن بۆ هەواڵەکانی رادیۆو ئەو هەواڵو چیرۆکە هەواڵانەی یەکێك بەگەرمی دەیهێنێتە ناو چایخانەکە، بێگومان بۆ شرۆڤەکردنیش غەڵبە غەڵبو هەرا سەری هەواڵەکە کەچەڵ دەکات. دەگەینە ئەوەی بڵێین چایخانە جێ پێیەکی فراوان لەنێو پانتایی شارو شارۆچکەکان بۆخۆی دەکاتەوە، لە هەمووشی سەرنج راکێشتر ئەوەیە کەس کار بە بڕیارەکانی "وەستا"وە نەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆربەی کات "وەستا" دەبێتە رزقی بەردەستی موشتەرییە قۆشمەچییەکانی، ئەوانەی بەردەوام سەردەکەنەسەری خەڵکی و دەیانەوێ زۆرترین کاتەکانیان لەوێ بە پێکەنین بەسەرببەن، نهێنی رووتێکردنی خەڵك بۆ ئەم شوێنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەوێ هەر هەموویان تەواو هەست بە ئازادی دەکەن، کەسێك ناتوانێ فەرمان بەسەر ئەوەی تردا بکات، با ئەگەر فەرمانەکەش لە جێی خۆی بێو لە بەرژەوەندی هەمووانەوە بێ ، هەر بۆ نموونە کەسێك ناتوانێ بەوەی دیکە بلێ توخوا ئەگەر چیتر جگەرە بکێشێ یان کاکە بابەس بێ یەك یەکە جگەرە بکێشن، جاری وا هەیە لەبەر چڕە دووکەڵ و غەڵبە غەڵب ئەو کەسەت بە ئاسانی بۆ نادۆزرێتەوە کە بۆی دەگەڕێی، زۆرجاریش بۆ کارئاسانی مەجبوری پرسیار لە وەستا بکەی تا بزانی ئەوەی بۆی دەگەڕێی لەوێیە یان نا، شتێکی تری سەرنج راکێش ئەوەیە گروپ گروپێن نیە لەوێ ، بەڵکو بەپێی رێکەوتە ئەوانەی زووتر دێن ، ئەوان دەبنە گروپی یاری و لە دەوری مێزێك دەئاڵێن و هەناسەیان تێکەڵی یەکتر دەکەن، جاری وا هەبووە مامۆستایەكو وەستایەکی دیوارو قووتابیەكو نانەواچیەك لەسەر یەك مێز کۆبوونەتەوە، ئەمەش بۆ خاکیبوونی



ئەم گردبوونەوە کۆییە، خۆی لە خۆیدا باوەشێکی گەرمی ئاشتیو بەیەکەوە هەڵکردنە

ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە لەوێ کۆدەبنەوەو خۆبەزلزانین لە فەرهەنگی چایخانەدا ئامادەیی نیە.

لەم دوادواییانە قاوەخانە و کافتریا پەرەیان پێدرا و بەو مەبەستەی ببنە جێگرەوەی چایخانەکان، بەلاّم بە دڵنیاییەوە ئەتوانم بڵێم تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە جێ بە چایخانە لەق بکەن لە رەواندنەوەی موشتەرییەکانی، بەلاّم ئەتوانم بڵێم لەرووی تایبەتمەندێتیەوە کافتریاو قاوەخانەکان بوونە خاوەنی شوناسی خۆیانو بوونە پەناگای گەنجان زیاتر لەوەی تەمەنە جیاوازەکان روویان تێبکەن، ئەمەش سەداسەد بەسەر چایخانەدا ساغ نەبۆتەوە کەهەر بە تەمەنەکان رووی تێدەکەن، بەڵکو ئەگەر نموونەی چایخانە نموونەییەکانی "مەچکۆ"ی هەولێرو "شەعب"ی سلێمانی وەربگرین ئەوا زۆرترینی ئەوانەی رووی تێدەکەن لە نوخبەی رۆشنبیرانەو ناوبانگی ئەم دوو چایخانەیەش لەم دووشارەدا لەپاڵ ناوی شوێنە بەناوبانگەکانی ترەوە دێ ، مادام وایە ئەم

## "سەرم سپی کرد لەگەڵ تەقەی دۆمینە، چۆن ئەتوانم لەگەڵ ئەم هاوڕێیە نازدارەم خیانەت بکەم، سەدان شەو خەوم بەو یارییەوە بینیووە و دەیان جاریش لە حەژمەتی دۆڕان وەخەبەر هاتووم"

گەرموگوڕییە بە ئاسانی ناتوانرێ ساردبکرێتەوەو ئەلتەرناتیڤی بۆ پەیابکرێ، بەڵکو ئەشێ هاوشانی بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی باری سوك ببێ... چایخانە ، لە تەپاندنی هەستو بیری لاوان رۆڵێکی چالاك ئەگێڕێ، بەوەی دایاندەبڕێ لە خۆ رۆشنبیرکردنو خوێندنەوەو بینینی رەنگەکانی ژیان لە جۆر و فۆڕمی جیاوازتردا، ئەمەش زیاتر لەسەر ئەو کەسانە بەرجەستە دەبێ، کە بەردەوامییەکیان هەیە لە کۆڕی خولکێشان بەدەوری مێزەکانی یاریو نوێکردنەوەی بەردەوامی یارییەکانو ونکردنی کات تا ئەو دەمەی وەستا ئاگاداریان دەکاتەوە لە تەواوبوونی کاتی چایخانە، ئەم خووە زۆری راکێشاوەتە نێو خۆ ونکردن بەوەی شەوانەش لەماڵێك کۆببنەوە بۆ تەواوکردنی ئەو دەستە یارییانەی لەوێ تەواونەکراون.

زۆر کەسیش لەوانەی گوێبیستیان بووم هۆکاری هاتووچۆی بەردەوامیان بۆ چایخانە بۆ ئەوە دەگێڕایەوە






ئەو شوێنەی جوانی و ئارامی بەخشیوە بە شار

کە خۆیان بدزنەوە لە جەنجاڵییەکانی ژیانی کۆمەڵگاو ئیلتیزامە قورسەکانو فەرامۆشکردنو خۆدوورگرتن لە دورشمبازی حزبەکان وبێئیشیو بە قسەی هەندێکیان بۆ خۆدوورگرتن لە غەیبەتکردنی خەڵكو ئارامبوونەوەی دەروونو رۆح، یەکێکی تر دەیگوت حەسودی بەوانە دەبەم کە زوو دێنو کورسیەخۆشەکانی بەر سێبەری دارتووەکە بۆ خۆیان قۆرخ دەکەنو مەجبورم بکشێمە ژوورەوە و لە هەوای سیخناخ بە دووکەڵی جگەرە خۆم ون بکەم، دواجار بە ناکامی دەیوت خۆ ئێمە هەر بزربووین و فەرامۆشکراوین و کەسێك پرسو ڕایەکمان پێناکات، بۆیە وا چاکە هەر بە تەواوی نوقمی نێو ئەو پەیوەندییە ببین، کە ئەگەر هەر هیچیش بەرهەم نەهێنێ، ئاسودەییەکمان پێدەبەخشێ، چونکە ئەوانەی هاتووچۆی ئێرە دەکەن رقو کینە لە دەرەوەی ئێرە لە خۆیان دەتەکێنن و بیر لە نوکتەو قسەی خۆش دەکەنەوە..بیر لەوە دەکەنەوە ساتێکی ئارام بەسەر ببەن لەگەڵ هاوڕێیەکانیان، پیاوێکی بە تەمەن لەولاوە دانیشتبوو نەیویست ناوی بێنم گوتی: من سەرم سپی کرد لەگەڵ تەقەی دۆمینە، چۆن ئەتوانم لەگەڵ ئەم هاوڕێیە نازدارەم خیانەت بکەم، با لێت نەشارمەوە سەدان شەو خەوم بەو یارییەوە بینیووە و دەیان جاریش لە حەژمەتی دۆڕان وەخەبەر هاتووم،جەرجیس حاجی مەجید کە رۆژنامەیەکی سەربەخۆی بە دەستەوە بوو لەوەڵامی پرسیارەکانی ئێمەدا وتی: شارێك کە کافتریاو قاوەنێتی لێ نەبێو خاوەنی کتێبخانەیەك بێ لەو پەڕی شار کە کەس نەتوانێ بیگاتێو باخچەیەکی گشتی دلگیرو ومەلەوانگەو سەنتەری رۆشنبیریو بازاڕگایەکی نەبێ کە کاتەکانی تیا بەتاڵ کەیتەوە، مەجبوری سەری خۆت بۆ چایخانەیەکی ئاوا پەڕپووت هەڵگری، هەروەها گوتی"راستە لێرە هێوربوونەوەیەکی کاتیت دەست دەکەوێ، بەڵام چایخانەکان تەنها شوێنی حەسانەوەو چاخواردنەوە نیە بێشك قومارکردنو جگەرە کێشان بەڕادەیەکی زۆر و نەبوونی ژینگەیەکی پاك لەم شوێنەدا مەترسی نەخۆشی کوشندەی لێدەکەوێتەوەو سەرەڕای ئەمانەش تەواو داتدەشۆرێنێ لە فەزای پەروەردەیەکی رۆشنبیری تەندروست ! دواتر گوتی" لەڕێگای ئەم گۆڤارە جوانەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو بە تایبەت وەزارەتی وەرزشو لاوان دەکەم کە بەرنامەی کاری ئەم وەزارەتە بە ئاراستەیەکی تازەو بە ئاسۆیەکی تازە بەرنامەڕێژی بکەن، چونکە بیرکردنەوەو خەونەکانی ئەمڕۆی لاوان لەچاو دوێنێ جیاوازترە، هەر کەسەی زادەی لە دایکبوونی قۆناغی خۆیەتی و بۆ ئەم قۆناغەش خواستو ئەرکی نوێ رووبەڕوویان دەبێتەوە.مامۆستا ئەحمەد شا لەوێ دانیشتبوو، چایخانەی بە زیندان بەراوردکرد، کە خۆشی یەکێکە لەوانەی سێ جار زیندانی کراوە لە سەردەمی رژێمی بەعسو گوتی"چایخانەش هەمان ریتمی زیندانی هەیە و تۆ کە پێت نایە چایخانە لە نێو چوار دیوارەکەیدا گیر دەخۆیتو بەدەم بەسەربردنی یاریو قسەی خۆش ئاگات لە کات نامێنێ، لەمەدا پێچەوانەی زیندانە کە لەوێ کاتت لێناڕوا، بەڵام لەبەر بەرتەنگیو غەڵبەغەڵبو ئەو گەرمایەی بەهۆی نەبوونی کارەباوە کە حکومەت هیچ مشورێك بۆ ئەو شوێنە گشتیانە ناخواتو کارەبایان پێڕەوانابینێ، کەچی بۆ ئەو شوێنانەی گەر مەبەستیان بێ کارەبای بەردەوامیان دەداتێ، رێك دەشوبهێتە زیندان، کە لەوێش بەدەم کەموکوڕیو ئازاری دەروونی دەبێ رۆژەکان بەسەر ببەیت. هەرەوها وەستاعەلی خەلیل بەگ خاوەنی چایخانەکە، لەبەرئەوەی تابلۆی چایخانەکەی هەڵنەواسیبوو بۆیە ئێمەش پرسیاری ناوی چایخانەکەمان لێکرد، بەڵام سەرەتا ناوی چایخانەکەی بیرچۆبووەوە دواتر گوتی، ناوی ساباتەو وەڵامی پرسیارەکانیشی بەمشێوە دایەوە" هەست بە ئارامیو ئاسودەیی دەکەم لە نێو زرمەو تەقەی پولەکانی دۆمینەو غەڵبە غەڵبی موشتەرییەکاندا، شەوانەش کە دەگەڕێمەوە ماڵەوە تەنیا کەمێك هەست بە ئازاری جەستەیی دەکەم ئەگینا لە رووی دەروونی زۆر ئاسوودەم. هەروا گوتی"تەنها لەوە زۆر سەخڵەت دەبم کە یەکێك بەدەنگێکی بەرز پێم دەڵێ ئاوێکم بۆ بێنە، هەرچەندە لەگەڵ هەر پیاڵە چایەك ئاویشیان بۆ دەبەم .

بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە عەینەیەکمان لە چایخانەکانی شاری رەواندزو بەدیایکراویش چایخانەی سابات وەرگرت، کە سەرەڕای تێکچوونی شیرازەی بازاڕو جادەو بانەکانی، بەڵام دەبینین چایخانەکانی لە کردنەوەی باوەشی گەرم نەکەوتوون بۆ سەوداسەرەکانی.